# مەلا و ئاسایش

حەمەسەعید حەسەن

دەزگای زاری کرمانجی کە تازەکی لە سۆران کراوەتەوە، لە ٢٠٠٥/٧/١٨دا لە جوندیان کورێکیان بۆ ساز کردم، تێیدا باسی ئەو (ئازادی و دیموکراتی)یەم کرد کە لە سایەی ئیسلامدا هەبووە و هەیە. مەلاکانی ئەو ناوچەیە هێندە سەغڵەت بوون، هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە سکاڵای خۆیان دەبەنە کن سەرۆکی هەرێم و کارێک دەکەن، دەزگای زاری کرمانجی دابخرێت. (حەمەسەعید حەسەن مەلاکانی سۆران هەراسان دەکات،) ئەوە مانشێتی هەفتەیەک دواتری هەفتەنامەی زاری کرمانجی بوو. لە ٢٠٠٥/٧/٢٤یشدا میوانی سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاکرێ بووم، لەوێ ئەگەر چی باسی هونەری ساتیرنووسینم کرد، وەلێ هێندەی پێم کرا، ئیسلامییەکانم کرد بە بابەتی ساتیر.

سەنتەری ڕۆشنبیریی پارێزەران لە ٢٠٠٥/٧/٢٥دا، کۆڕێکیان لە سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین بۆ ساز کردم و تێیدا باسی تێڕوانینی ئیسلامم بۆ ژن کرد. کە قسەکانی من تەواو بوون، گەلێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە قسەیان کرد، قسەکەری یەکەم کەسێک بوو، من سەرەتا وای بۆ چووم، کەسی دووەمی ناو حیزبێکی ئیسلامییە، وەلێ دوای کۆڕەکە بۆم دەرکەوت کەسی سێیەمی ناو وەزارەتی نێوخۆیە. دادوەر تاریق گەردی کە هاوزەمان بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامی لقی دووی پارتیشە، وەها دەیپەیڤی، ئەوی نەیناسیبا، وای بۆ دەچوو، میری کۆمەڵێکی ئیسلامییە و لەمێژە چاکی جیهادی لێ کردووە بە لادا! ئەوە بۆیە تیرۆریستان وا بە ئاسانی لە نێو ئاسایشدا گەرا دەخەن.

چونکە کەناڵی سەتەلایتی کوردستان لە ٢٠٠٥/٨/١دا، لە ڕێی پرۆگرامی (پانۆرامای ڕۆشنبیری)یەوە، بە ڕاپۆرتێک ئەو کۆڕەی بەسەر کردەوە، وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەو (سەرپێچی!)یە، پەخشی تەلەڤیزیۆنەکەی بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات ڕاگرت!(*) ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی تەلەڤیزیۆنەکەش لەسەر نیشاندانی ئەو ڕاپۆرتە سەربەگۆیەنە، (سامان حسێن)ی کە (بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و گەشەپێدان)ی کوردستان تیڤی بوو، لەسەر کارەکەی دەرکرد و (هەوار عەبدولڕەحمان)یشیان کە پێشکەشکاری ڕاپۆرتەکە بوو، ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوە.

(زانا!)یانی ئیسلام لە لاوازیی (فیکر)ی سەردەم بەسەرچوویانەوە، بەرگەی ئازادیی بیروڕا دەربڕینیان نەگرت، پارتیی دیموکراتی کوردستان لە لاوازیی هەڵوێستییەوە، بەرگەی گوشاری (زانا!)یانی ئیسلامی نەگرت، بۆیە وەزارەتی ناوخۆ وەک مەقاشێک بێت بە دەستی (زانا!)یانی ئیسلامەوە، پەخشی سەتەلایتی کوردستانی ڕاگرت. بەرپرسی (کوردستان تیڤی)یش نەک هەر لایەنی بیروڕای ئازادی نەگرت، بەڵکوو بۆ ئەوەی سەری خۆی سەلامەت بێت، گۆزەکەی لەسەری (سامان) و (هەوار)دا شکاند. سەروەختی تیرۆرکردنی عەبدولخالیق مەعرووف، مزگەوت کلکی لەگەڵ ئەمن و مونەزەمەدا گرێ دابوو، هەنووکە وەل ئاسایش و بارەگادا گرێی داوە.

2005. 08. 11

(*) (ئاگاداری بینەرانی بەڕێزی سەتەلایتی کوردستان دەکەین کە بە هۆی سەرپێچییەکی یاساییەوە، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٧٥٨٩ لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٣ بڕیاری ڕاگرتنی پەخشی سەتەلایتی کوردستانی دا، بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر کە لە کاتژمێر پازدەی ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٣ بە کاتی کوردستان دەستپێ دەکات.)

AGADARİ BİNERANİ BERÊZİ
SETELAYTİ KURDISTAN DEKEYN
KE BE HOY SERPÊÇIYEKİ
YASAIYEWE WEZARETİ
NAWXOY HERÊMİ KURDISTAN
BE FERMANİ WEZARİ JIMARE
( 7589 LE 3.8.2005 ) BIRRYARİ
RAGIRTINİ PEXŞİ SETELAYTİ
KURDISTANİ DA BO MAWEY
24 KATJIMÊR KE LE
KATJIMÊR 15:00 ROJİ
3.8.2005 BE KATİ KURDISTAN
DEST PÊDEKAT.



به خێرهاتنی میوانه بەڕێزەکان دەکەین
لەکۆڕی ڕۆشنبیری بۆ نووسەری دووره وڵات مامۆستا
2005 7 26